## له ئه نجامی توندوتیژی

## ( 99 ) ژن کوژراون و ( 234 )یش سوتاون...!

رۆژی (11)ی تشرینی دووەمی ئەمساڵ، وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان خشتەیەکی (9) مانگی لەمەڕ لیژنەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی مێینە بڵاوکردەوە و پشت بەستن بە ئامارەکانی بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی لە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ کە لەم دواییانەدا لەسەر راسپاردەی لیژنەی بەدواداچوونی توندوتیژی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دامەزرا، ئاشکرایکرد کە لەماوەی (9) مانگی رابردوو (99) ژن کوژراون و (234)ی تریش رووبەرووی سوتان بوونەتەوە و سەرچاوەیەکیش لە وەزارەتی ناوبراو جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە ئەم خشتەیە بە شێوەیەکی ورد کاری لەسەر کراوە و تەنها خشتەیە بەفەرمی دەناسرێ.

# حکومەتی هەرێمی کوردستان

## وەزارەتی مافی مرۆڤ

## لیژنەی بەدواداچوونی توندو تیژی دژی مێینە

سەرچاوەکان : بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندو تیژی لە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ

## ئامارەکانی کووشتن و سووتانی مێینە بۆ نۆ مانگی 2008

| مانگەکان | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆک | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کوشتن | سووتان | کوشتن | سووتان | کوشتن | سووتان | کوشتن | سووتان |
| مانگی 1 | 4 | 6 | – | 2 | 4 | 10 | **8** | **18** |
| مانگی 2 | 8 | 24 | 3 | 4 | – | 1 | **11** | **29** |
| مانگی 3 | 2 | 18 | 1 | 13 | – | 1 | **3** | **32** |
| مانگی 4 | 2 | 14 | 5 | 12 | 2 | 1 | **9** | **27** |
| مانگی 5 | 10 | 12 | 4 | 15 | – | 2 | **14** | **29** |
| مانگی 6 | 6 | 4 | 2 | 10 | 3 | 1 | **11** | **15** |
| مانگی 7 | 5 | 18 | 6 | 18 | 3 | 3 | **14** | **39** |
| مانگی 8 | 3 | 11 | 6 | 7 | 1 | 5 | **10** | **23** |
| مانگی 9 | 7 | 8 | 7 | 5 | 5 | 9 | **19** | **22** |
| کۆی گشتی | **47** | **115** | **34** | **86** | **18** | **33** | **99** | **234** |

2008/11/11